


**خالد محەمەد حەسەن – گوندی زینانە :**

# عەدالەت نەبێ ژیان قیمەتی چییە ؟

٢٣ی شوباتی ٢٠٠٩
کات : ٢ی پاشنیوەڕۆ
شوێنی دیمانە : سلێمانی
دیمانەساز عومەر محەمەد
ناوی سیانی : خالید محەمەد حەسەن
لەدایکبوی : ١٩٨٤
شوێنی ساتەوەختی ڕوداو : زینانەی بچوک .
شوێنی نیشتەجێی ئێستا : خورماتوو – شەهیدان .
پیشە : کاری سەربەخۆ .

بەسەرهاتی خالید وەک زۆربەی تەنیا کەوتووەکانی تاوانی ئەنفال تراژیدی و پڕ لەمەینەتی و ئازارە بۆیە دەبوو لە ئازادیشدا زیاتر شایانی شکۆمەندی بوایە، لەکاتی پەلاماری ئەنفالدا خالید تەمەنی هەشت ساڵان بوو، لەبەرئەوەی لەگوند دەژیان زۆر گوێیان پێنەداوەو وەک دەڵێن تەسکەرەیان بۆدەرنەهێناوە، بەڵام کاتێک ئەنفال ناوچەکەیانی وێرانکردو هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالکران، پێناسی باری کەسێتی بۆی بووە پێداویستیەکی سەرەکی، بەڵام زۆری پێچوهەتا تاوانی بەبێ باوکی و بێکەسی ببێتە خاوەنی پێناسەی خۆی، هەربۆیە دەبینین، بەپێی پێناسەکەی چوارساڵ منداڵتر تەمەنی تۆمارکراوە.

دەمەو نیوەڕۆژێکی درەنگ ٢٠٠٩/٢/٢٣ دوو کۆست کەوتووی گەرمیان، (خالدوخەسرەو) لەشاری دوزخورماتووەوە هاتبوونە سلێمانیو پێکەوە هاتنەلام و ماوەیەک پێکەوە دانیشتین، هەر ئەو ڕۆژەش دیدارم لەگەڵ هەردوکیان سازکرد، ڕێکەوتێک بوو بۆ ئەوەی دو قوربانی تری ئەنفال، پێکەوە بدوێنم و کاری دیمانە سازییان لەگەڵدا ئەنجام بدەم ئەوان دووکوڕی تەنیا کەوتووی خانەوادەکانیانن، هەردووکیان لە ئەنفالی سێی گەرمیاندا کەسوکارەکانیان لە ناوچەی داودە گیراونو بێسەروشوێن کراون، لەدوای ئەو ڕوداوە هەریەکەیان توشی دەردی سەری زۆربوون، خالید دەیگوت : من خەڵکی گوندی زینانەم و خەسرەو خەڵکی گوندی دوراجی یە، کە هەریەک لە زینانەو دوراجی بەشێوەیەکی زۆر دراندانە لەکاتی ئەنفالدا پەلاماردراون و هێزەکانی سوپای عێراق بەحسان نیشتمانی بوون بەڵام زۆر درندانە پەلاماری هاونیشتمانیەکانیان دا.

لەگەرمیان دوو گوند هەن بەناوی زینانە، گەورەو بچوک، خالید خەڵکی زینانەی بچووک بووە ڕۆژی ٢١ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ گوندنشینە هەژارەکانی هەردوو گوندی زینانەی گەورەو بچوک پێکەوە کەو تنەبەر پەلاماری ئەنفالو گورزێکی کەمەرشکێنیان بەرکەوت. لەبەرئەوەی هەردوو زینانە ملکەچی سیاسەتەکانی بەعس نەدەبوون بۆیە دەمێک بوو ببونە جێگەی سەرنجی بەعسو لێوی لێدەکرۆشتن.. بەپێی ئامارێک کە لەبەردەستدایە گوندی زینانەی بچوک بێجگە لەدوو برای خالید بەناوەکانی وەلیدو ڕێباز کە لەو خشتەیەدا ناونوس نەکراون 196 کەسیان ئەنفالکراوە، واتە بە وەلیدو ڕێبازەوە دەبنە ( 198 ) کەسو گوندی زینانەی گەورەش 162 کەسیان ئەنفالکراوە. لەوپەلامارەدا خانەوادەکەی خالید هەموویان گیران وتەنها خالید بەهۆی مەروماڵات وسەربازێکی دڵنەرمەوە رزگاری بوو.

لەگەرمیان کە من وەک مەملەکەتی ئەنفالکراوەکان دەیبینم زۆر لەم تاکە دەربازبوانە دەناسمو دیدارم لەگەڵ زۆریاندا سازداوە، ئەم تەنیا کەوتوانە لەروی سایکۆلۆژییەوە پێویستیان بە هاوکاریو دەستگیرۆیی زۆر هەیە، وەلێ ئەفسووس نەحکومەتو نەکۆمەڵگا هێشتا بایەخی ئەم مرۆڤانەو شکۆمەندیان نازانێ بۆیە هەڵوەستەیەکیش لە دۆسێی ئەنفال و گرنگی دەربازبوەکان ناکەنەوە .

یەکێک لە ئاواتەکانی ئەو دوو دەربازبووەی ئەنفال خوێندنە کەلێی بێبەش بوون، لەبەر هەلومەرجی گوندو ژیانی گوندنشینیو گرنگیدان بە ئاژەڵداری لەخوێندن بێبەری بووە، بۆیە هەئێستاش هەر بە نەخوێنداوەری ماوەتەوە، ئێستا لە دوزخورماتوو دادەنیشێ ئەو کاتەی لەگوندەکەی خۆیاندا دەژیان بەکاروباری کشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوونو ژیانێکی هاکەزایی ژیاون، تا پەلاماری ئەنفالی سێ ژیانی ئەم خانەوادەیەو خالیدی کوریشیانی لەبەریەک هەلوەشاندووەو وەکو زۆربەی گەرمیانیەکان ئەنفال ڕیشەی خانەوادەکەیانی لەبنەوە هەڵکێشاوەو بەیەکجاری لەبەین چوون، ئەو تاکە دەربازبووی خانەوادەکەیانەو خۆی ووتەنی: بۆ دەردەسەری ڕۆژگارماوەتەوە، خانەوادەکەیان کە بریتی بوون لە 6 کەس بەم ناوانەی خوارەوە باوکی (محمد حسەنو دایکی ئامینە کاکەوەیس خەسرەو خوشکیکی بەناوی سەرگوڵو دوبرای بەناوەکانی وەلیدو ڕێباز) ئەمە بێجگە لە خاڵو مامو ئامامۆزاو پورزا کە لەپەلامارەکانی ئەنفالدا دەستگیرکراون، خوشکوبراکانی منداڵ بوونو دایکیان ژنی ماڵو باوکیان گوندنشینێکی ئاژەڵداربووە.

خالید چۆن دەربازبوو:

ئەوکاتەی جەیشو جاش گەیشتنە سەریان ئەوان لەدەشت بوونوبەلای ئاژەلەکانیانەوە بوون، بەهۆی بەزەیی پیاداهاتنەوەی سەربازێکەوە پەنادراوەو خالد بەختی هەبوو کە دەست هێزەکانی جاشو سوپانەکەوت، بەڵام باوکی جاشەکان دەستگیریانکردو بەدەستوبرد بردوویانەو لە دوز داویانەتە دەست سوپاو لەمەڵبەندی لاوانی دوز (مرکز تدریب الشباب) کە ئەنفالکراوەکانی تری تێدا کۆکراوەنەتەوە ئەویش دەستبەسەربووەو وەک هەموو ئەوانەی تر ماوەیەک لەوێ دەستگیرکراوە، خالد ئەو چرکە ساتەی باش لەبیرە کە لەگەڵ باوکیدا پێکەوە لەگەڵ ڕانەمەرێکدا بوون، بەڵام جاشەکان بەپێشچاوی ئەم منداڵەوە دەستگیریان کردووەو لەمیان دابریوە، هەرچەندە دەیزانی کە دایکوخوشکوبراکانیشی لەمرکز شەبابەکە زیندانی کراون،بەڵام نازانی لەگەڵ باوکی لەزیندان یەکیان گرتووەتەوە یان نا؟ بەکورتی ئەوەی دەیویست بیزانێ ئەو گرێیەیە کە ئاخۆ پێکەوە براونو پێکەوە کوژراونو ئێستاش پێکەوە لە گۆڕێکدان یان ئەوەتا، هەر چاویان بەیەکتری نەکەوتووەتەوەو هەریەکەیان لە گۆڕێکدان . خانەوادە ئەنفالکراوەکەیان بریتی بوون لە ( باوکی محەمەد حەسەن و دایکی ئامینە کاکە وەیس خەسرە، براکەی بەناوی وەلید و خوشکەکەی بەناوی سەرگوڵ)

پاش ئەوەی بەهۆی دڵنەرمی سەربازەکەوە گەیشتە خورماتوو، ئیدی خالد خۆی پەناداو دەست هێزە ئەنفالچیەکان ناکەوت، بەڵام ئیدی ژیانی بووە دۆزەخ منداڵێک لەو تەمەنەدا تەنیا بمێنێتەوە زۆر ئەستەمە. خالید بەناچاری کەوتە لای دادای (عائیشە عزیز خەسرەو) دادا بەواتای نەنک عائشە دایکی دایکی بوو، ئیتر ئەویش هەمان چارەنوسی کامەران فاتیحی گوندی بەلەگەی هەبوو، کەلەگەڵ نەنکی پێکەوە سەردەنێن بەیەکەوە، خالیدو نەنکیشی ماوەی (٢٠) ساڵ بەیەکەوەو بەمەینەتیو هەژاری ژیانیان گوزەراند. هەتا کۆچی دوایی کردو خالیدیش هاوسەرگیری لەگەڵ (ئەمیرە ڕەحیم عەزیز) دا کردو ئێستا باوکی منداڵێکە بەناوی ئایە.

خالید دەڵێت : هەتا منداڵ بووم بە گوڵە بە ڕۆژە فرۆشی نانی خۆم و نەنکم دابین دەکرد، دواتریش کە موچەیەکی هاکەزایی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان برایەوە ئەوانیش وەک کەسوکاری ئەنفالکراوان مانگانە بڕی (٢٠٠) دیناری چاپی سویسریان وەرگرتووەو مەمرەوبژی گوزەراندوویانە.
لە دوای روخانی رژێمی بەعسیشەوە موچەکەیان دەگاتە 150000 سەدو پەنجا هەزار دینار، بەڵام لەبەر بەرزبوونەوەی نرخ ئەوان دیسان ناتوانن پاشکەوتێک بکەن، تا بیرلەگۆرانێکی ئەوتۆ لەژیانیان بکەنەوە، ئیتر هەر بەو مەینەیتەوە ژیانیان دەروا بەرێوە. لە ڕۆژی 2007/2/9 لەچاوەڕوانیو فیراقی ئەنفالکردنی کوڕو کوڕەزاکانیدا نەنکیشی کۆچی دوایی کردووە، ئیتر کە نەنکی کۆچی دوایی کردووە، ژیان لای ئەم کورە بووەتە دۆزەخ" وەک ئەوە وابوو ئەنفال بەسەرماندا هاتبێتەوە" بۆیە ژیان لەلای تەڵخترو تاریکتر خۆی دەنوێنێ، نەدروشمی ئازادی عێراقو نەپروپاگەندەی دیموکراسیو مافی مرۆڤ هیچیان بۆ ئەو هەناسەیەکی پیرەژنەکەی نەنکی ناژین، کە لەدوای ئەنفال بەبەهاترین شتو گەورەترین پشتوپەنابوو، بەڵام ئێستا کە بەدەستەکانی خۆی خواردن بۆخۆی دروست دەکاو بەتەنیا دەخەوێو هەر خۆیو خەمەکانێتی ئەوسا زیاتر بیردەکاتەوە ئەنفال چی پێکردوون.
خالید کەباسی مردنی نەنکی دەکات، زۆر خۆی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت چونکە بەقەد هەموو ئەنفالکراوەکانی خانەوادەکەی ئازاری دەدات لەبارەی مردنی عائیشەی نەنکیەوە دەلێت: ( کە نەنکم کۆچی یەکجاری کرد، ووتم ئیتر منیش ناژیم، کە چی رۆح شیرینەو لەشوێنێکی قایمدایەو نایەتە دەروە، ئەوەتا بۆ پەندی رۆژگارماوەو دەژیم) ئێستا خالدی ڕەنگ ئەسمەر زیاتر ڕەش داگەراوەو تەنیایی بووەتە کابوسێکو لێی نابێتەوە هەرچەندە دەزانێ ئەوە هەر ئەو نیە کە لە گەرمیان تەنیاکەوتووەتەوەو هاوشێوەی ئەو زۆرن، بەڵام کە بەتەنیا لەماڵێکی ساردووسری کرێنشیندا بەتەنیا خۆی دەبینێتەوە گریان لە ناوەوەرا تینی بۆ دێنێو خۆی پێناگیرێ خالید دەڵێ بەقەد پێکەنینی هاوتەمەنەکانم من دەگریم من هەر گریان دەزانمو پێکەنینم بەخۆمەوە نەدیووە . ئاخر بنەچەم برایەوە بۆچی دەبێت لە نیشتمانەکەی خۆمدا کرێی خانوو بدەم ..؟ ئەی برا من کەسم نەماو هەمووی رۆییو خەمی کرێی مانگانەی خانوش لەولاوە بوەستێ،.
لەداوی مردنی نەنکییەوە دەردی تەنیایی زۆری بۆهێناوە، بەڵام هەژاری دەرفەتی ئەوەی نەداوە بیر لەوە بکاتەوە هاوسەرگیری بکاو خێزان پێکەوە بنێ، بەمەبەستی هاوکاری کردنی بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری دوو جار سەردانی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی کردووەو چاوی بە وەزیری ئەو وەزارەتە کەوتووە، بەڵام هاوکاری وەزارەت بۆ کوروکچی شەهیدو ئەنفالکراوان تەنها برێکی دیاریکراوە کە ملیونێک دیناری چاپی نوێیە، هەرچەندە ئەم برە پارەیە ناتوانێ پرۆسەی هاوسەرگیری مسۆگەر بکات، بەڵام هاوکارییەکی خراپیش نیە، کە لەلایەن وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانەوە بۆیان دابینکراوە، ئەمە جگە لەوەی یارمەتیەکە هەم بەخشینەو لێیان وەرناگیرێتەوە، هەم لەبەر رێژەی زۆری ئەو حاڵەتەی خالدو ژمارەی قوربانیانی ئەنفال ڕەنگە ئیستسنا کردنی مەسەلەیەکی ئاسان نەبێ، بەڵام هێشتا دەشێت لەناو ئەو حاڵەتانەشدا ئیستسنای زیاتر بکرێو بەپێی هەلومەرجی ژیانی ئەو حالەتانەدا گونجاو بێت، بەلای کەمەوە لەو سندوقی کۆمەکەی بۆ قوربانیانی جینۆساید دامەزراوە هاوکاری ز یاتر بکرێن. چونکە خالد ئاساکان ئینسانو قوربانیان داوەو پێیوسیتە بگەرێنەوە باوەشی ژیان .
ساڵی ٢٠٠٩ خالد خەریکی کاسبیەکی مەترسیداربوو، چونکە ئاسایشی ناوچەکەیان تەواو ئاڵۆز ببوو، کەچی خالد دەبوو رۆژانە لە دوزخورماتووەوە ئەو ناسنامەو رەگەزنامە عێراقیانە بەمەبەستی رایکردنی مامەڵە ببات بۆ تکریتو بیشیانهێنێتەوە،چونکە دوز خورماتوو هەتا ئێستا سەربە پارێزگای تکریتەو

هەندێک لەو مامەڵانە بۆ یەکلایی کردنەوە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ پەیکەری ئیداری پارێزگا، هەرچەندە هاتوچۆ بۆ تکریت کارێکی پڕمەترسیەو ئارام نیە، بەڵام خالد لەڕۆژانی پرمەترسی تیرۆریشدا لە پێناوی بژێویدا هەر خەریکی ئەم کارە بوو !.

خالدی تەنیا کەوتوو هەتا ئەوکاتەی یدارەکەمان سازکرد پارچە زەویەکەی وەرنەگرتبوو، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانو ئەنفالکراوان بە ژمارە 461/ 68 بۆی دیاری کردووە، دەگوت حکومەت کارەکانی باش بەریوەناچن و زۆر ماندوومان دەکەن، ئەوە بۆ سێ ساڵ زیاتر دەچی کە لە نێوان شارەوانیو ئەو بەڕێوەبەرایەتیەدا دەستی دەستیمان پێدەکرێ .

هەرچەندە خالد بەزمانێکی سادە قسەی بۆدەکردم، بەڵام بە هەستێکی قوڵەوە داوای دادپەروەریو سەروەری یاسایی دەکرد، زۆر نێگەرانبوو لەوەی رێز لەهەستی مرۆڤایەتیان ناگیرێ، بەتایبەتی لەوەدا زۆر نیگەران بوو کە وا موستەشارەکانو ئەوانەی بەشداری ئەنفالیان کردووە، دەیگوت کوا ئەوە ڕەوایە ئەوان لە کوردستان خاوەنی هەموو شتێکن و بە سەربەستی دەسوڕێنەوەو لەلایەن دەسەڵاتی کوردستانەوە زیاتر لە قوربانیانی ئەنفال رێزیان دەگیرێ، خالید دەیگوت ئەوان بو وڵات خێریان زیاترە یان قوربانیان. .! خالید سەر لەم مەتەڵە دەرناکات ..! " ئاخر چۆن .؟ بۆچی ؟ جاش لە ئیمە بەرێزتر بێت ؟ سەرم لێی دەرناچێت..! " ئەو کورە تەنیا کەتووە زۆر جوان دەی ڕوانیە ژیان و هەستی تۆڵە سەندنەوەی نەبوو، بەڵام لەگەڵ دادپەروەریدا بوو سەرباری ئەوەی (٦) کەسی خێزانەکەی ئەنفالکراونو باوکی بەپێشچاوی خۆیەوە جاشەکان گرتوویانە، بەڵام نایەوێت کەس بکوژرێو خوێنی تر برێژرێ، بەڵام ناعەدالەتی ئەزییەتی دەرونی دەداو بە زمانە سادەکەی خۆی دەیگوت : عەدالەت نەبی ژیان قیمەتی چییە.